کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-7-2007 15:44

**مەلاو چەمکی پیرۆزی لە کۆمەڵگای کوردیدا ... هێمن عزیز**

ئەگەر چاوێك بخشێنین بە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە رووی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابووریدا بە روونی دەبینین کە هەر یەکە لەم لایەنانە بە چەند هەنگاوێکی جیا جیا تێپەریووە لە هەر رویێکیدا سیماو تایبەتمەندی جیای هەبوە لە پێشەوەو دوای خۆی، بە جۆرێکی تر بڵێم بە پێی قوڵ بونەوە لە نیوەرۆکی زەمانەو کرانەوە بۆ ئاسۆی تازەگەری دەبێت هەنگاوەکان و تەواوی لایەنەکان دوا بە دوای یەك پێشکەوتو تر بێت زیاتر بەرخۆر بێت بۆ لە ئامێزگرتنی گۆرانکاریەکان بە شێوەیەك کە گاریگەری راستەخۆی هەبێت لە سەر پاکسازی کۆمەڵگاو دەروونی مرۆڤەکان و شکاندنی کۆت و زنجیری بازنەی هزریان.

یەکێ لەم فاکتەرانەی کە بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵگا بریتیە لە ئاین و پیرۆزی دەق، بە جۆرێك لە ناو هیچ کۆمەڵگایەکی سەر ئەم زەمینە هۆزێك یان تیرەیەك لە مرۆڤەکان نادۆزرێنەوە کە بیرو باوەرێکیان لا پیرۆز نەبێت و بە هەموو هێزی دەرونیانەوە رووی تێ نەکەن جا ئەگەر لە رووی پراکتیکەوەش ئەنجامی نەدەن جۆرێك لە قودسیەتی بۆ رادەگرن لە دەروونیاندا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە تێکرای ئادەمیزادەکان خولیای جۆرێك لە قودسیەت و رۆحانەتێکی نادیارن جا بەهەر ئەندازیەك بێت، لەوەشەوە ئاماژەیەکی تر هەیە کە مەرجیش نیە تێکرای مرۆڤەکانیش لە ئەندازیەکی یەکسان بن بەرامبەر شتە پیرۆزەکان و کردەوەکانیان سنوردار بکەن بە کۆمەڵێ دەقی پیرۆزەوە، بەڵکو بێگومان کەسانێ هەن لە پێناو شێواندی ئەم دەقانە کار دەکەن و سوکایەتی بە هێزی نادیار دەکەن لە بەرگێکی گومان لێنەکراو جا چ بە مەرامێکی راستەوخۆ بێت یان ناراستەخۆ.

لە رۆژانی رابردوو چەند زنجیرەیەك لە رۆمانی ئاریا وەکو درامایەك لە سەر شاشەی کوردسات پێشکەش کرا، هەر لە یەکەم زنجیرەی بگرە هەر لە ریکلام بۆ کردنی هەستم بەوە کرد کە ئەمرۆ یا سبەی ئەو کۆمەڵگا داخراوەی ئێمە تایبەت چینی مەلاو زانایانی ئاینی قەبولیان نابێ و دەخرێتە بەر رێژنەی رەخنەو نەشتەرگەری و لێیشی دەرناچێت، هەر واش بوو دوای پەخشی (5) زنجیرە بە دەربرینی نارەزایی زۆر لە سەر مینبەرەکان و وەزارەتی ئەوقاف پەخشی دراماکە وەستا بە بیانوی ئەوەی کە تانەو تەشەرەیە بە چینی زانایانی ئاینی و سوکایەتیە بە دین و بەرنامەی ئاسمانی، دەڵێی کۆمەڵگای ئێمە هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) تا ئێستاش دەقاو دەق دینەکەی وەرگرتوەو هەڵگرانی زۆر بێ خەوش و خاڵی گەیاندویانە؟! ئایا ئەم زانا بەرێزانە خۆیان نازانن کە لە مێژووی ئیسلامەتی کوردیدا لە ناو شارو دێهاتەکان چەندەها مەلای وا هەبوە کە لە پێناوی تیکە نانێك و ربە گەنمێك و زەکات و سەرفترەدا ئامادە بووە کە چەندەها فەتوای هەڵیت و پەڵیت بدات و دەقەکان بە جۆریك بگۆرێت کە خوازیاری بەرژەوەندی کەسی خۆی بێت؟!! یان ئایا نازنن کە چەندان مەلاو بەناو زانا هەبووە لە پێناو نزیك بوونەوەی لە دەستهەڵات و ئاغاو بەرێوەبەری ناحیەو وەرگرتنی دیاری ئافەریمی چەندە پێچو پەنای ئەنجام داوەو ماڵی چەند کەسی کاول و وێران کردوە و خوێنی بە حەڵاڵی بەرخۆر داناوە؟!! یان کەنارگیری دەکەن لەوەی کە لە چەندەها مزگەوتی ئەم هەرێمە کۆمەڵێ بە ناو زانا هەن هەڵگری فایرۆسی تیرۆرن و وەك سەرچاوەو ژێدەر بۆ توندو تیژی هاندەری خەڵکن و پاڵنەرن بۆ سرینەوەی بەرامبەر و نەخوێندنەوەیان و حوکمی خراب بەسەر دابرانیان؟!!

باشە ئەو درامایە ئەگەر سوکایەتیە بە زانایانی ئاینی ئێ باشە خۆ سوکایەتیشە بە دەستهەڵاتدارانی سیاسی و بەرێوەبەری ناحیەکان و خەڵکی تریش دەبایە ئەوانیش سکالایان بەرز کردایەتەوە و نارەزاییان دەربریبایە، ئەی باشە دراما ئەگەر ئاوێنەی گەندڵیەکانی ئەم و ئەو نەبێت و روە باش و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-7-2007 15:44

خراپەکانی چینەکانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی دەر نەخات ئەی کاری چیەو چ پێویست بە بوونی دەکات؟

ئەوەش چاك دەزانین کە هیچ کەسێ لە دینی ئیسلامیدا پارێزراو (مەعیوم) نیەو هەموو مرۆڤێك لە باری هەیە بەرەو هەڵدێر بچێت و لا ڕێی بکات و لە دوایشدا ڕەخنەی لێ بگیرێت و ئامۆژگاری بکرێت، بە واتایەکی تر کەس لەسەر زەوی سێبەری خوا نیە و جێنشینی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) نیە تاکو ڕەخنەی لێ نەگیرێت و پیرۆز سەیر بکرێت.

وێنەی مەلای ئاریا وێنەی ئەو ئەهریمەنانەیە کە دینیان کردۆتە کاڵا و باڵایەك بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و بژێوی پەیدا کردن و شاردنەوەی نیازە ژهراویەکانیان و گڵاوەکانیان بۆ لە شیش دانی کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەیان بۆ کەلتوری تەکفیرو تەهجیرو تەرحیل، وێنەی ئەو مەلایانەیە کە تەنها خۆیان و بۆ خۆیان دەژین و ئامادەن بۆ لە ناو بردنی کەلتوری نەتەوەییان و هەلپەرین بە دەنگی دەهۆلی نەیارانی کۆمەڵگاکەیان.

درامای ئاریا ئاماژە نیە بۆ لە ناو بردنی سەروەریەکانی زانایانی ئاینی و لە کەدار کردنی هەموویان بە بێ جیاوازی بەڵکو بە شێوەیەکی ناراستەخۆ خزمەتێکە بە زانایان و ڕاست ڕەوانی ئەم بوارە، چونکە نوسەر لەو دیوەدا دەیەوێت کە ڕووی خراپی کۆمەڵێ لەو مەلایانە هەڵماڵێت و تیشك بخاتە سەر کاریگەری خراپیان لە سەر دەرونی مرۆڤەکان و پێیان بڵێت ( (ئێوە زۆر لەوە پیرۆزترن و گەورەترن کە وەکو جێنشینی پەیامبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەو کارانە بکەن و بەو کارانە ڕازی بن) ) نوسەر دەیەوێت بەو مەلاو زانایانە بڵێت کە ڕاستن لە گەل نەتەوەکەی خۆیان و دلسۆزن بۆ ئەزموونی کۆمەڵگاکەیان ( (ئێوە شایانی هەموو ڕێزو خۆشەویستیەکن، ئێوە چینێکن کۆمەڵگا چاوی لە دەمی ئێوەیە، بەڵام هەندێ کەس لە ناوتانا دەیەوێت ئەو سازگاریەتان بشێوێنێت و دەورو کاریگەری ئێوەی دڵسۆز نەهێلن و ناشیرینتان بکەن لە ناو کۆمەڵگا، بۆیە وا پێویست دەکات بە پاکی بمێننەوەو هیچ ڕەشە بایەك و لافاوێکی لە ناکاو نەتانشلەقێنێت) )

نووسەر لەو درامایە دەیەوێت خزمەتی کۆمەڵگا بکات و مرۆڤەکان وریا بکاتەوە لەو ژێدەرو سەرچاوانەی کە هەندێ لە مەلاکان پشتی پێ دەبەستن لە فەتواکانیان و هەرچی وتیان دەق و قورئان نیە بە پیرۆز سەیر بکرێت، چونکە ئاشکرایە ئەگەر بە پیرۆزی دابنێن ئەوا وەکو دەق واجب دەبێت لە سەر تێکرای مرۆڤەکان کە باوەری پێ بکەن و وەکو پراکتیکیش هەنگاوی بۆ باوێن، لە ڕویێکی تر زۆر جار چەند وەڵامێك بۆ پرسیارێك دەبیستین ئەمەش لە بارێکی تر پێچەوانەی پرەنسیبەکانی دەقە پیرۆزەکانە.

لە کۆتاییدا پێشینانمان دەڵێن ( (بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت) ) وە ( (دلۆپە خوێنێك ئاوی دەریا پیس ناکات) ) وە ( (چەم بێ چەقەل نابێت) ) دەرخستنی ڕووی ناشیرینی هەر چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگا جا چ مەلا بن یان دکتۆر یان ئەندازیار یان مامۆستایانی زانکۆ مانای وانیە کە گشتگیرەو تێکرای تاکەکانی دەگرێتەوە بە بێ جیاوازی، بەڵکو دەبێت بە سنگ فراوانیەوە قەبولمان بێت و لە خانەی ئامۆژگاریەوە دایبنێین، بێگومانیش وەرگتنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێویستیەکی ئاینیە لە سەر تێکرای تاکەکانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی.

هێمن عزیز
مامۆستای زانکۆ
Hemn_azez@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.